# دەستووری کوردستان و لایەنە تاریکەکانی ...

## دەســـــــتووریکی نەزۆك بۆ نەتەوە و خاکێکی داگیر و دابەشکراو

هەلۆ بەرزنجەیی

بێ قسەکردن لەسەر بایەخ و بەها و گرنگی دەستوور ، وەک کاریک بۆ لە چوارچێوەدانانی هەلسوکەوتی تاک و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵ و ریکخستنی ژیان ، دەمەوێت بە کۆمەڵێ سەرنج و رەخنەوە ـــ لە کولانەی بەرژەوەندی نەتەوەیی وراستی میژوویی ومانای سیاسییەوەـــ لایەنی یاسایی و کۆمەلایەتی کاری پسپۆرانە ـــ تیشکێکێ دلسۆزانەی کوردانە بخەمە سەر لایەنە دزیو و تاریکەکانی . دەستووریک کە دەیان ساڵە نەتەوەی کورد لە هەر بستە زەمینێکی ئازادی خۆیدا خەونی پیوە دەبینێ . وەلێ کاتێ خەونەکەی هاتە دی لەسەر دەستی دەسەلاتدارانی خۆیی و تووشی شۆک و نائومێدییەک دەبێتەوە ، کە هیچی لە سیاسەت و رەفتاری دوێنێی دوژمنانی کەمتر نییە . کورد ووتەنی کە شاخ بزێ ، مشکی دەبێت ..دەسەلاتی کوردیش بەو شیوەیە زاوە بۆیە بزانن یا نەزانن ، بە مەبەست یان نامەبەست بەو پرۆژەیەی دەیانەوێ ویست و ئاواتی ئازادی و سەربەخۆیی جەماوەری کورد لە گۆڕ بنێن . **2600** ساڵ زیاترە داگیرکەر و دوژمنانی کورد بە هەموو توانا و جۆرەها سیاسەتی دڕندانەوە پێیان نەکراوە ، هەنووکەش باوەڕ و وورە و ویستی پۆلایینی نەتەوەی کورد خەونەکە ناحەزەکانی ئەمانیش پوچەڵ دەکاتەوە .

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بلێم ئەو پرۆژەی دەستوورە هیچی ئەوتۆی لە پەیرەو و پرۆگرامی حیزبێک تێنەپەڕاندووە . هەر ئەم راستییەشە وای کردووە بە ئــەقڵ و ستراتیژی حیزبی مانیفێستێکی ئاوها گرنک و هەستیار پاش هەزاران ساڵی بندەستی بۆ نەتەوەکەیان تۆمار بکەن .

دەستوورم بە زمانێکی کرچ وکاڵ و زۆر لاوازی بێ گیانی کوردی خوێندەوە ـ ئەو وەرگێڕدراوەی لە ماڵپەڕی کلاورۆژنەی هێژادا بلاوکرابۆوە ـــ لێرەدا خۆم لە توخنی ڕێزمان و پاراوی زمانەکە نادەم ، چونکە کاتێ زانیم بە زمانی بێگانەی عەرەبی نووسراوە و دوایی بۆ نەتەوەی کورد کراوەتە کوردی ، تێگەیشتم تامی دەستووری وەرگێڕدراو بۆ کوردی ، وەک تامی شۆربایەکی ساردەوەبوو وایە بە زۆر لە چلەی سەرمای زستاندا دەرخواردت بدەن .

دەستوور بە دیپاچەیەکی زۆر بێ سەرەتا و هاوئاهەنگ و بە میژووی کورد دەستپێدەکات . وەک لە ئەبەد و ئەزەلەوە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا هەبووبێت .باسەکە لەم تەوەرە دەرناچێت . بە کورتی : ـ

ـــ نامۆ بە میژووی سەرتاسەری کوردستان ، باسێکی حیزبییانە لە میژووی کورد دەکات و هیچ ئاماژە بەوە ناکات کە کورد لە باشووردا بەشێکە لە هەموو نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا .میژوو غەدری لێ کردووە بە چەند رێکەوتنامەیەکی نێودەڵەتی و ناوچەیی کراوەتە قوربانی نێوان ئەو دەوڵەتە دەستکرد و میللەتە داگیرکارانەی سەردەستدا .

ـــ نەنووسراوە کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنییە و لە لایەن تورک و فارس و عەرەبەوە داگیرکراو و دابەشکراوە .

ـــــ باس له ویستی نەتەوەی کورد بۆ رزگاریی و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی نەتەوەی کورد و مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ، بەهیچ جۆرێک نەکراوە .

ـــــ ناوی کورد و کوردستان بە شەرعی لە عێراق مارە کراوە ، تاکە دێرێک بەرچاو ناکەوێت ناوی عێراقی پێوە نەبێت . عێراقی عروبەی سەدامی تا سەر ئێسک و ناو دەمیلەهەرە بچووکەکانی خوێنیان رۆچۆتە خوارەوە .

ـــــ دەستوور وەک دیکۆمەنتێکی مێژوویی کاریگەریی زۆر نەرێتی لەسەر هەست و نەستی تاکی کورد لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لە بەشەکانی دیکەدا دەکات . هەمان کات چونکە بە رۆح و هەناسەیەکی کوردانە نەنووسراوە ، هێندەی تر جەستەی کورد لێک دەترازێنێ .

ـــــ فەزایەکی نامۆبوون و چەواشەکاری تاک بە مێژووی خۆی خولقاندووە .بۆیەکا دەشێ کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەو بەڵگەنامەیە بە هی خۆی نەزانێ .چونکە هەستێکی ئەوتۆیی پێ نابەخشێ کە ئەمە بەشێکی زیندووی مێژووی ئەویشە .

ـــــ دەستوور وەک یەکەم بەڵگەنامە و دەستپێک لەم بەشەدا ، دەبێتە نموونە و سەرمەشق و سەرەتایەکی مەترسیدار بۆ داهاتووی بەشەکانی دیکەش .

ـــــ بریندارکردنی هەستی کوردانە و تاساندنی هیوای دڵسۆزانی کورد .

ـــــ ریگرتن لەبەردەم شانازیکردن بە سەروەرییە نەتەوەوییەکانە ، ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازکردنی کەسایەتی کوردیی .

سەرباری ئەمانەش پێشەکییەکە بە زاراوەگەلێ سیخناخ کراوە ، کە هەمووی ئەدەبیاتی پەنجاکانی حیزبە کلاسیکییەکانە . زاراوە هەیە رستەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە و مادە هەیە بە مادەی پێش خۆی ناکۆکە .

وا لێرە بەدواوە چەند شوێنێکی دەستوورەکە بەپێی بایەخی باسەکان دەدەمە بەر باری سەرنجی رەخنە . هەندێک بابەت و باسیش دێنە پێشەوە بە ئەنقەست خۆمیان لێ نادەم . وەک دەنووسم پرۆژەی کوردستان نەک هەرێمی کوردستان . ناوی عێراق بە تانەو تەشەرەوە نەبێت جێی لە باسەکەی مندا نابێتەوە .

یەکەم ... کێشەی زمان ، یەکەم شتێ کە بۆتە مایەی شکستی ئەو دەستوورە ، نووسینەوەیەتی بە زمانی بێگانە . بەکارنەهێنانی زمانی کوردی بۆ نووسینی ئەو پرۆژەیە ، مەبەستی دەرخستن و نیشاندانی هەژاریی زمانی کوردیش دەگەیێنێ . لەوانەیە کۆمەڵێ زاراوەی زاکۆنی هەبێت بە کوردی نەبن ، بەڵام دەکرا بە ئینگلیزی یاخود لە کەوانەیەکدا بە عەرەبیش بنووسرانایە .ئەمەش دەبووە سەرەتایەکی باش بۆ هەر هەنگاوێکی دیکەمان .بەڵام وەک

زانایەکی گەورە دەڵێ [ زمان یەکەم نیشتیمانی مرۆڤە ] . لەم روانگەوە نووسەرانی ئەو دەستوورە خاوەنی نیشتیمانی رەسەنی خۆیان نیین . کاتێکیش کەسێ ، لایەنێ قسە لەسەر لایەنێکی نامۆ ، نیشتیمانێکی دیکە بکات چەند هەڵکەوتوو و لێوەشاوە بێت ، هەر بەندازەی خاوەن نیشتیمانە رەسەنە لە بارودۆخ و ژیانی خاک و نەتەوەکەی ئاگادار نییە . هەر وەک چۆن ووتراوە (( تێر ئاکای لە برسی نییە )). جا وەرە بێئاگایەک بێت و بیەوێت ژیانی نەتەوەیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیەک وەک کورد بخاتە قاڵبێکی یاساییەوە ، چی دەردەچێت و چەند هەڵە و کەموکوڕی تێدەکەوێت .

نووسین بەهەر زمانێک ، لە هێزی بیرکردنەوەی ئەو زمانەوە دێت . ئەو پاڵهێز و هۆکارانەی پێز بەو زمانە دەدەن ، فەزای کۆمەڵێ رەهەندی هزری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە . بەکورتی بە عەرەبی نووسینی ئەو دەستوورە ، لە ئەقڵێتی عروبەی نووسەرەکانییەوە رسکاوە . کە ئەقڵیش عەرەبی بوو ، وا دەقی عەرەبی موتوربە بوو بە مێژوو و کۆمەڵایەتی و کولتووری عەرەبی پێشکەش دەکات .بەم پێیە نووسەرانی دەستوور

بۆ کورد بیریان نەکردۆتەوە و  لە ژان و ئازار و چەوساندنەوەی راستەقینەی  بێ ئاگا و نامۆبوون . بە واتایەکی دیکە هەست مردوو  بوون  بەرانبەر ئەندێشە و برینە قوڵەکانی جەستەی مێژووی  نەتەوەکەیان .

بەدەر لەم هەموو باسوخواستانە ، تۆ بڵێی لە کوردستاندا چەند یاساناسێک  نەبێت بتوانن دەستوور بە زمانی کوردی بنووسن .دەشێ چەند زاراوەگەلێکی یاسایی هەبێت بە کوردی نەمان بێت . لەم حاڵەتەدا رەوایە بە عەرەبی ، یان ئینگلیزی بنوسرێن و هەمان کات هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ووشەی لەباریان لە زمانی کوردیدا بۆ بدرێت .

بۆ وەڵامی ئەو کارەی برایانی دەستوورنووس ، مەسەلەکە خۆی لە چەند برگەیەکدا دەبینێتەوە  ، کە بریتییە لەوەی یان بەمەبەستەوە ویستراوە وای نیشان بدەن زمانی کوردی هێزی ئەوەی نییە بابەتی ئاوهای پێ بنووسرێت . وە یاخود مەسەیەکە لەبەرخاتری خاترانە و نەویستراوە دڵی عروبەپەرستان برەنجدرێت . کە هەردوو بارەکە دەکاتە سووکایەتی و گاڵتەجاریی بە زمان و کەرامەتی نەتەوەیی کورد .
کۆسۆڤۆییەکان بە زمانی سەربی و فەلەستینییەکان بە زمانی عیبری و لیتوانییەکان بە زمانی رووسی دەستوور و یاسای خۆیان نەنووسیەوەتەوە ، تاوەکو کوردیش بە زمانی ناکوردی بینووسێتەوە .

دووەم ... ناوهێنانی باشووری کوردستان بە هەرێمی کوردستان ، وەک هەموو شتەکانی کە  هەڵەیەکی نەتەوەیی و سیاسی و جوگرافی زەقە . کەس بە نیشتیمانی خۆی ناڵێ هەرێم . هەرێم ناوچەیەکی بەرتەسک و سنووورداری  باژاریێک یان ناوچەیەکە . وەک هەرێمی باڵەکایەتی ، یان قەراخ . یاخود گەر فێڵی فیدرالی پارێزگاکان بەسەر کورددا بسەپێت ، وا کەرکوک کاندیتە وەک شارێک بکرێتە هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ . وەیان شاری بەغدا بەهەمان شێوە . کەواتە شارێکیش بە تاکی تەنها ناوی هەرێمی لێ دەنرێت .

سێیەم ... لە مادەیەکدا هاتووە ، گەلی کوردستان لە کورد و نەتەوەکانی  تورکمان و کلدان و ئاشوور و ئەرمەن و عەرەب پێکهاتووە. ناوهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە  ، هەر هەڵەی نووکە قەڵەم و سەرسمدانی هزرێکی سەقەت نییە ، بەڵکو کێشەیەکی سیاسی ونەتەوەیی و یاسایی بۆ ئێستا و داهاتووی کورد دەخوڵقێنێ . بۆیە ئەوە بە تاوانێکی مەزن دێتە حیسابکردن و هی چاوپۆشی لێکردن نییە .

هەموو فەرهەنگ و لێکسیکۆنەکانی جیهان ، تیۆریستکار و باسکارانی پسپۆر لەم بوارەدا  هەیە ،  لە شۆرشی فەرەنساوە هەتا هەنووکە ،  لەسەر پێناسەی نەتەوە کۆکن بەوەی نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکانێک دەووترێت کە : خاوەنی زمان و مێژوو و خاک و کولتووری هاوبەش و هتد بن . کەواتە خەسڵەتی هەبوونی خاک یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان . ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی قووت دەکاتەوە ئەوەیە ؟ ئایا بەراست ئەوانە نەتەوەن ، یا کەمە نەتەوەن ؟؟. دیارە ئەم دوو چەمکە لە هەموو روویەکی نەتەوەیی و سیاسییەوە لێک جیاوازن . گریمان وەک لە دەستووردا هاتووە ، ئەوانە نەتەوەن!!؟؟ .کەواتە ئەو خاکەی لەسەری دەژین ــــ کوردستان ـــ هی خۆیانە و پێویستە بەناوی خۆیانەوە ناوبنرێت ـــ تورکمانستان و عەرەبستان و ئەرمەنستان و کلدو ئاشوورستان ـــ  . گەر ئەوانە  نەتەوە بن !!؟؟ واتە هەقی مافی چارەنووسی خۆیان هەیە . کە مافی چارەنووسیان هەبوو ، مانای وایە مافی رەوا و سروشتی خۆیانە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیان دروست بکەن .

بە پێی ئەم یاسا و پرۆسەیە  لە هەرێمی کوردستانی فیدراڵیدا 5 دەوڵەت دروست دەکرێت .ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکەوە دەبێت  ئەو نەتەوانە بە خەباتی رزگاریخوازانەیان بەرانبەر بە کوردی داگیرکەر گەشتبێتنە ئامانجەکانیان . چونکە خاکی ئەوانە لەلایەن کوردەوە هەتا ئێستا داگیرکراوبووە . دیسان ئایا دەستوورنووسان پێمان دەڵێن ، بۆ وا نەتەوەی تورکمان بەسەر چەند ناوچەیەکی سنووری

کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە ؟ بۆچی نەتەوەی عەرەب لە شارە نەوتییەکانی کوردتاندا هەن ؟ .ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکەی جۆراو جۆر لای هەر دڵسۆزێکی تر دروست دەبێت .

لە مادەیەکی دیکەی دەستووردا هاتووە کە زنجیرە دیاکانی حەمرین سنووری کوردستانە . ئەم مادەیە کتومت پێچەوانەی بیروراکەی سەرەوەیانە و ئەیسەلمێنێ وەک مێژووش باسی لێوە دەکات ئەو کەمە نەتەوانە پاشماوەی دەسەڵاتێکی سیاسین کە لەسەردەمانێک حوکمڕان بوون بەسەر کوردستانەوە . بەشێکی هەرە زۆری ئەمانە بە زۆر لە ناوچە و شارە سنوورییە و هەستیار و پڕ لە سامانە سروشتییەکاندا نیشتەجێ کراون ، وەک بەشێک لە سیاسەتی گۆڕینی باری دیمۆگرافی کوردستان . هەرچی لەم میانەشدا لەمەڕ سنووری کوردستانەوە و چارەسەری ناوچە بە عەرەبکراوەکان هەیە کی بە مادەی 140 ناسراوە . ئەمەش وێستگەیەکی دیکەی نوچدان و شێوە دۆڕانێکی ئەو مەسەلە و ناوچانەیە . بە بەڵگەی نەبوونی ستراتیژێکی دیار بۆ ناوچەکە و سپاردنی کێشەکە بە مرەکەبی سەرکاغەز تا کۆتایی ساڵی 2007 . لە هەموویشی تاوانتر قورمارکردنە بە ناوی ریفەراندۆمەوە لەسەر مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست . وەک ئەوەی کەسێ رازی بێت بەوەی خەڵک دەنگ بدات بۆی کە کە کوڕەکەی یان کچەکەی منداڵی ئەون . یان فلان شار یان ناوچە شار و نیشتیمانی ئەون لە کاتێکدا خۆی خەڵکی رەسەنی ئەوێ بێت . کەس شتی بەڵگەنەویست ناخاتە بەردەم کەس یا بڕیاری لەسەر بدەن ، بە تایبەت نیشتیمان .

سەرئەنجام .. من نازانم و دەپرسم ، کەس موشتەری وا حازر و ئامادەی بۆ هەراجکردنی نیشتیمانەکەی ئامادە کردووە ؟ ئەو بەرێزانەی ئەو دەستوورەیان نووسیوە یان دەنگی لەسەر دەدەن ، ئامادەن لە کۆشک تەلارەکانی خۆیان کە داویانە بەکرێ پاش پەنجا یان سەد ساڵ بەکرێچییەکە بڵێن ئەو کۆشکە / خانووە بۆ خۆتان مادام ئەوە سەدساڵە لێرەدا کرێچین و ماڵەکە دەبێت بەهی خۆتان ..

چ لە مێژوودا و هەم ئێستاش بەشێکی میللەت و نەتەوەکانی دنیا لەسەر بستە خاکێکی خۆیان ، یان هێڵێکی سنووری وڵاتەکەیان شەڕ دەکەن و هەرا بەرپا دەکەن و سازشکاریی ناکەن ، کەچی دەسەڵاتی ناموبارەکی کوردی ماڵی خۆی وا وەک میراتی ماڵە باوان تەخشان و پەخشان دەکەن . هەر لەبەر ئەوەی پێیان بگووترێت دیموکراسین و لە لایەن قۆلتێری باوکی دیموکراسییەوە تەلقین دراون .وەک چۆن زەمانێ لە موحەمەد القورەیشی موسوڵمانتر و لە مارکس و ئێنگلز کۆمەنیستربوون ، وا ئێستان هەزار بازیان بەسەر مۆدێلەکانی دیموکراسی سویسرا و ئەڵمانیا و کەنەدا و سویددا داوە و دەیانەوێت داهێنانی نوێش بخەملێنن .

چوارەم ... بەکارهێنانی چەمکی [ مافی چارەی خۆنووسین ] لە بری[مافی چارەنووسین] بەڵگەی یاری و گەمەکردنە بە مەسەلە چارەنووسسازەکان و نادیارکردنی ڕێگاچارەی راستەقینەی چارەسەری دۆزی کوردە . ئەو دوو مافە زۆر لەیەکتر دیاوازن و ئەوەی لە دەستووردا هاتووە ، نیشانەی پاشەکشێی تەواوە . مافی چارەنووس زاراوەیەکی نێودوڵەتی و باوەڕپێکراوە و لە فەرهەنگی سیاسی مێژووی میللەتاندا چەسپیوە . دەلالەت و ماناکانی روون و ئاشکران ، کە لە جەوهەردا بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ .

وەلێ مافی چارەی خۆنووسین ، زاراوەیەکە لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتای سەدەی رابووردووە لەسەر دەستی ی . ن . ک کەوتە نێو نوسینی ئەدەبیاتی سیاسی کوردییەوە .(( برای وەرگێڕی دەستوور شاگردێکی گوێ لە مستی ئەم قوتابخانەیەیە )). زاراوەیەکە مانای ئەوە دەگەیێنێت ، هەرچی بەدەستی خۆت نووسیت ئەوە مافتە و چارەنووست دیاری دەکات .تا پێستاش هەر فشە ماف بە دەستی خۆمان نووسراوەتەوە . بۆ نموونە بڵندکردنەوەی داوای ئۆتۆنۆمی یان هەر ڕێکەوتنێک لە ئەنجامی موفاوەزات بە

دەستی خۆت ئەوە چارەسەر و چارەنووسە . ئەم زاراوەیە زۆر لاستیکییە و هەر کەس و لایەک دەتوانیّ بە مقەست و گەزی خۆی کاری پیّ بکات و چۆنی ویست وای لیّک بداتەوە . بۆیە بە سروشتی خۆی ئەم زاراوەیە پڕاو پڕە لە سازش و بەدگومانی و لە لایەن جەماوەری کوردیشەوە هەر زوو درایە دواوە و نەیتوانی شویّنی خۆی بکاتەوە .

پیّنجەم ... لە پرۆژەی دەستووردا پیّویست بوو هەر شاری کەرکوک وەک پایتەختی کوردستان بناسرایە . دیارە هەر شاریّکی کوردستان پایتەخت بیّت ، کیّشە نییە . بەڵام هەڵبژادنی کەرکوک بە پایتەخت ، رەهەندی نەتەوەیی و میّژوویی و سیاسی و دیکۆمیّنتی خۆی هەیە . جیا لەوەش هیّمای بە ئیرادەی نەگۆڕ و ویستی شیّلگیرانەی دەسەڵاتی سیاسی لە کیّشەی کەرکوکدا دەکرد .
هەڵبەتە دەزانم بارودۆخی ئیّستا بۆ بریاریّکی واــ کاروباری کورد و کوردستانی پیّ بچیّت بەڕیّوە ــ دژوارە . بەڵام دەکریّت لەو دەستوورەدا کەرکوک پایتەخت بیّت و بە کاتی هەر لە هەولیّرەوە تا ساخبوونەوەی مەسەلەکە ئیدارەی کاروباری کوردستان بکریّت .

پیّنجەم ... مادەی 4 دەڵیّت: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە. راگەیاندنی ئەم دروشمە بەرز و پیرۆزە تەواو دوورە لە بریاری سیاسی دەسەڵاتە ساسییەکەوە ، کە نووسەرانی دەستووریش لە پەراویّزی دەسەڵات و بەرژەوەندی ئەواندا بیردەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن . زیندووترین نموونە بۆ ئەوەی بیسەلمیّنیّ کە حیزبی دەسەڵاتدار گویّ بە باوەڕ و دەنگی گەل نادات ، مەسەلەی راپرسی ـــ ریفەراندۆمە . نزیکەی سەد دەر سەدی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆی کوردستان دا ، بەڵام دەسەڵاتداری حیزبی نووساوە بە عیّراقەوە . ئیّستاش گەر دەنگی گەل بریاردەر بیّت ، پرس بەو میللەتە بکەن ویست و داخوازی چییە بۆی بهیّننە دی هەر هەمان داوای سەربەخۆیی دەکاتەوە . بۆیەکا بلّندکردنەوەی ئەم دروشمە بەچەشنی پەندە کوردییەکەی دەڵیّ : بەرزکردنەوەی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنیّتی . ئەم مادەی ئیّوەش هەر بۆ چاوبەستەکیّ و خۆڵ کردنە چاوی خەڵکە . بە کورتی درۆیەکی سیاسییە بۆ مەرامی گلاو .دەنا هەتا نووسینی ئەم وتارە ئیّوە و جەماوەر کوجا مەرحەبا.
من وای دەبینم ئیّمەی کورد چەند لە ئیسلام و مارکسایەتی گەیشتین و سوودمان بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆمان لیّ دین ، هەر هیّندەش لە چەمکی دیموکراسی و دەسەڵاتی خۆیی حاڵی بووبیّتین . ئەوە فارس و تورک و خودی عەرەبیش چۆن ئیسلام و کۆمەنیستییان وەرگرت و بۆ چ مەبەستیّک وەکاریان برد ، سەلاحەدین و شیّخی کۆمەنیستانی عروبە خالید بەگداش چییان بەو شمشیّر و داسە بۆ کورد کرد ئەوە میّژوو بە ووردی بۆی تۆمار کردووین . گومانی تیّدا نییە کە سەرانی ئیّستا ئامادە نین باشتر بکەن .
شەشەم ... بەو مانایەی ئاماژە بیّت بۆ ئەو هەموو نەتەوانەی لە کوردستاندا زاراوی گەلی کوردستان ، دەژین ، دیسان بە نەخش و قورسایی هەڵە و تاوانە . ئیّمە دەڵیّن کوردستان ، واتە نیشتیمانی کورد، وەک ئەوەی میّژوو بۆی ساخ کردووینەتەوە. ئەگەر نیشتیمانی کەسی دیکە هەیە ، وا پیّویستە ناوی کوردستانیش بیّتە گۆڕین ، چونکە ئاماژەی بۆ نەتەوەی دیکە تیّدا نییە . بەعس زۆر هەولّی دا زاراوەی شعب العراقی لە ژیّر پەردەی شۆفیّنیزمی خۆیدا بقولّقیّنیّ و بچەسپیّنیّ ، شوورەوی نزیکەی سەدەیەک بە کاریگەریّتی ئیدیۆلۆژایی ویستی زاراوەی میللەتی سۆڤیەت بەرجەستە بکات بەڵام پیّیان نەکرا . دەستوورنووسان نەک بەهەمان مەبەست و تیّروانینی بەعسی و شورەوییانە ، کە هی ئەمان زیاتر پرۆسەی توانەوە بوو ، بەڵکو بە دیویّکی دیکەی ماشاللە زۆر مۆدیّرنن و مافی نەتەوەکان ناخۆن ئەم زاراوەیان راگویّزاوەتە نیّو دەستوورەوە .

پێش ئەوەی دوا قسەم بکەم ، دەمەوێت بڵێم کە ناساندنی تورکمان و کلدان و ئاشوور و عەرەب و ئەرمەن بە کەمە نەتەوە لەم نووسینەدا ، هیچ کەمکردنەوەیەک بەرانبەر بە کەسایەتی و مێژووی ئەوان ناگەیێنیٚ . وە باوەڕم بە تەواوی مافە کولتووریی و ئیدارییەکانیان هەیە . تا ئەو سنوورەی کە ئەوانە هەمان چارەنووسی کورد بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لە هەنووکە و ئایندەدا نەبنە کۆسپی زیانبەخشی مادی و مەعنەوی لەبەردەم کورد و کوردستاندا .

دیارە هەر لایەن و مادەیەکی دروست و واقعی لە قرۆژەیەدا هاتبێت ، وەک هاتووە . من باسی لێوە ناکەم و بە پێویستیشی نازانم سوپاسگوزاریی و سیاشی دەستوورنووسان بکەم ، چونکە ئەوە بەجێگەیاندنی سەرەتاییترین ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی و قەرزدانەوەی خوێنی شەهیدان و ئەمەکە بەرانبەر بە شیری دایک و ویژدانی مرۆڤایەتی .

بۆیە داوا دەکەم و دەڵێم ئەو پرۆژەی دەستووورە پێویستە بە گیان و پەرۆشێکی نوێوە و بە زمانی کوردی و هەست و هەناسەیەکی دڵسۆزانە و گیانی لێپرسراوێتی نەتەوەیی و مێژووییەوە و زۆر واقعییانەتر بۆ کورد بنووسرێتەوەو بکرێتە مەحکەمترین و بەهێزترین بناغەی ئازادی و سەربەخۆیی و کورد و کوردستان .

بە پێچەوانەشەوە ، گەر وا نەبێت و ئەم پرۆژەیە بە خشکەیی بەبەرچاوی پەرلەمان بە ئاسانی بەسەر هۆشیاریی و عەقڵی جەماوەری کورددا تێپەڕێت ، وا دەبێتە رەشترین و نەزۆکترین بەڵگەنامەی خۆماڵی دەسەلاٚتی کوردیی ، بەدوای رێکەوتننامەکانی سایکس پیکۆ و لۆزان دا .

******************************

دوو سەرنجی کورت ..

سەرگەرمی ئەم نووسینە بووم نووسینێکم بەرچاوکەوت کە گوایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان قسەی لەسەر دەستوورەکە کردووە . یەکەم دانی بەوەدا ناوە کە پێشەکی دەستوورەکە هاوشێوەی ئەوەی عێراقە و دەبێت بگۆڕدرێت . ئەم دان پێدانانە مانای لە ناوەڕکی ئەم نووسینەوە نزیکە . دووەم .. داوای کردووە کە دەبێت زۆر سەختیر بین بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە. وەلاٚم بۆ ئەمەیان بە درێژی لەسەرەوە باس کراوە و دراوەتەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم ئەی سەرۆک تۆ ئەو هەموو زیادڕەوی و نامەسئولێتییە و هەراجکردنەی کوردستان وەک لە پرۆژەکەدا هاتووە بەکەم و رەزیلی بزانی ، ئەمە راگەیاندنێکی نامەسئولانە ، وەک راگەیاندنی چەندین کەسانی نامەسئول و داشۆراو لە باوەڕ و هەڵوێست بە دەستوورنوسانیشەوە .
تۆ دەبێت لە مێژوو و ئیرادەی نەتەوی کورد بترسی . وەک بەناو کێڵگەی مینرێژکراو و بەسەر پردیٚ لە گوێزان دروستکراودا بڕۆیت ، پێویستە حسابی وورد بۆ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتت بکەیت . نابێت بۆ چرکەساتێکیش بێت ویژدانی نەتەوەکەت و دادگای مێژوو لەبیر بکەیت . تۆ دەبێت چاو لە ئاسۆیەک ببڕی کە دەیان کەسایەتی وەک جۆرج واشنتۆن و بیسمارک و گالیباردی و غاندی لە ئامێزگرتووە .

ئەگەرچی روونت نەکردۆتەوە سەختیبوونەکە چییە و چۆنە ، وەلیٚ لە راگەیاندنەکەتاندا تارمایی مەترسییەکی بڤە دەبینم . هەر زیادڕەوی و دەست داگرتنێکی زیادە لەو مەسەلە هەستیارانەدا بکرێت ، وا دژ بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی دەوەستنەوە . نەتەوەی کورد و رۆڵە دڵسۆزەکانی و مێژوو پڕ لەسەروەرییەکی لێتان قبولٚ ناکات .